**نامە نامۆکان**



دانـــــەر

نامەی یەکەم

دەکرێت هەر ڕۆژەو ژانێکی نوێ لە ساتێکی چاوەڕوان نەکراودا هەستەکانمان بلەرزێنێ و لە ناخی ڕۆحمانا بە ئیقاعێکی خەم بزوێن بەرجەستە بێت...وشەکان لە زمانی ئەو جۆرە مرۆڤانەوە کە خاوەنی دەرونێکی نەخۆش و ئایدیایەکی ئیفلیج و دلێکی بەردینن بە شێوەیەکی زۆر ئازار بەخشانە دلْمان دەپێکێت..لەوانەیە تەمەن لەوە کورت تر بێت کە هەستی پێ ئەکەین ژیانیش ئەوە نەهێنێ کە ئازار بچێژین و خەمە قولْەکان بە دیاری لە دەوروبەر وەرگرین..لەوانەیە چی تر پێویست نەکات بیر لەو ساتانە بکەینەوە کە بە بینینمان بێزارن تا ڕادەی خۆشاردنەوە ..لەوانەیە فرمێسکە زیوی یەکانیش بەهای خۆیان لە دەست بەن ئەگەر زاڵ بین بەسەر ناچاری یەکاندا..لەوانەیە تەنها ڕەوتە ڕۆتینی و ئاسایی یەکان بە شێوەیەکی سادە ببنە هێما بۆ ئەبەدییەت و بە مانای جیاواز تر کە هەر تێنەگەیشتن بەردەوام ئەبێت لە هەموو بارەکاندا..لەوانەیە وتنی گۆرانی یەکان هەمیشە ڕەمزی ئەوپەڕی دلْتەنگیم بێت بەڵام خەمباری سیمام هەر تیشك ئەدات..بمبەخشە هاوڕێ کە هەندێ کات بێ دەنگیم ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوپەڕی دڵ تەنگ بوونم ..کە پرسیاریش ئەکەیت بۆچی وا بێتاقەتی؟!هەر ناتوانم بێ دەنگی وە ك سنورێك ببینم و لێی تێپەڕ بم..ڕاستت ئەوێ ئەو پرسیارەش زیاتر ئازارم ئەیات چونکە لە ناخی خۆما جوابت ئەیەمەوە و جوابەکانیش ئەمخاتەوە ئەو واقیعەیکە هەرگیز بۆ من ناشێت و هەمیشەش لە ناویا ئەژیم..ببورە لێم هاوڕێ ڕەنگە نەمەوێت بگریم و نەمەوێت جگەرەیەك بکێشم و نەمەوێت بیرەیەك بخۆمەوە بۆ لەمەودواو نەشتوانم قسە بکەم لەو ساتە ژەهراوی یانەی پڕ پڕم لە توڕەیی.. لە بێزاری،لە نامۆبوون،لە تەنیایی،لە خەفەت ،لەفرمێسك،پڕم پڕم لە ژان تا بیرکردنەوە لە کوشتنی هەناسەکان ..تا بیرکردنەوە لە تاڵی هەستەکان..ئاخر من خوێنی پەپوولە ئەبینم و فرمێسکە ڕەنگاوڕەنگەکانی هەموو گوڵەکانی شار..ئاخر من لە سێدارەدانی خەندە بەریئەکان و توانەوەی یەك بە یەکی کلوە بەفرەکان ئەبینم ..ئاخر هاوڕێ دڵە شووشەییەکان ئەشکێنن و هەستە ناسەکانیش وەك پاشماوەی ڕۆحێکی فریشتەیی لە هەڵمێکی سیحر ئامێزدا بە خاك ئەسپێرن..

ئەوانەی سەما ئەکەن بێ قاچیان ئەکەن و ئەوانەی کە بە ئاسمانیشدا ئەفڕن بێ باڵیان ئەکەن ..ئەوان بەوە ئاسودەن کە پێشانگا بۆ قاچە بێ ناسنامەکان و پەڕەی باڵە شکاوەکان ئەخولقێنن..

بۆیە هاوڕێ ئەگەر لەو ساتانەیا بینیمیت هەوڵ بە تێ بگە لە بێ دەنگیم..رابێیت بە تاسانە ژەهراوییەکانلەو کاتانەی کە مان ئەگرم بەرامبەر نەوەك هەموو دنیا بەڵکو بەرامبەر بە تۆو بە خۆشم.!

سلێمانی

دانـــــەر